

Preview sample - page 1 of 5 - Soran University Academic Digital Library

٠٧٠
٣٧٤

٠٧٠
٤٥

رۆڵی راگەیاندن لە بزاڤی رۆشنبیری ئەمڕۆماندا

زانکۆی سۆران
فاکەلتیی ئاداب
کتێبخانەی فاکەلتیی ئاداب
بەشی :
ژمارەی تۆماری کتێب : ٤٣٦٤٠
بەرواری تۆمار کردنی کتێب :

ئامادەکردنی:
راگەیاندنی مەکتەبی ڕێکخستنی پێشمەرگە

چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە - هەولێر

Preview sample - page 2 of 5 - Soran University Academic Digital Library

دەروازە....

بە درێژایی مێژوو، مرۆڤ بەردەوام هەوڵ و تەقەللای ئەوەی داوە، گەشە بە تواناکانی خۆی بدات بۆ ڕاکێشکردن و وەرگرتنی زانیاری زیاتر لە بارەی دەوروبەرەکەی و بڕەودان بە خێرایی و ئاسانتر و ڕێکتر کردنی گواستنەوەی زانیارییەکانی پەیوەندار بە خۆیانەوە. سەرەتا بۆ سازدانی پەیوەندی سوودیان لە جوواڵەکانی سەرو دەست و هێما دەنگییەکان وەرگرت. پاشان بۆ گواستنەوەی پەیامەکانیان پەرەیان بە زنجیرەیەک ئامێری تر دا وەک مۆسیقا- سەما- تەپڵ-ئاگر- نیگارکێشان و شتی تری لەم بابەتە. بەڵام ئەوەی شوێن و پایەیەکی تایبەتی بە مرۆڤ بەخشی فەراژۆ بوونی زمانی ئاخافتن بوو کە بۆ سازدانی پەیوەندییەکانی نێوان مرۆڤ ، خێرایی و وردەکارییەکی زۆری هێنایە دی.

سەرهەڵدانی پەیوەندییە نوێکان کە جۆرێک بوون لە ڕاگەیاندنی سەرەتایی لەگەڵ ئەوەیدا کە وێنە و نووسراوەکان یەکەمجار لە دەوروبەری ٢٥٠٠ ساڵ بەر لە زایین لە ڕێگای هەڵکەندنی دار بڵاو دەکرانەوە وا دێتە بەرچاو مێژووی چاخی پەیوەندییەکانی نوێ لە داهێنانی چاپ دەستی پێکرد بێ. ئەو هونەرەی کە یەکەمجار لە وڵاتی چین لە سەدەی هەشتەم و، لە ئەوروپا لە سەدەی پانزەهەم سەری هەڵدا. لە ئەنجامدا ئەو بواره ، ڕەخساکە کتێبێک بە تیراژێکی زۆر و بێ پەنا بردنە بەر (لەبەر گرتنەوەی دەستی) بڵاو بکرێتەوە. زۆر بوونی کتێبیش هەستی فێر بوونی خوێندنەوەو نووسینی وروژاند کە تا سەدەی شانزدەهەم

Preview sample - page 3 of 5 - Soran University Academic Digital Library

بەشێکی زۆری دانیشتوانی شارەکانی لە هەندێک وڵات گرتبۆوە.
داهێنانی دەزگای چاپ، گرفتە دێرینەکەی ئازادی بیرکردنەوەی هێنایە ئارا و تەنها لە حاڵەتی هەبوونی مۆڵەتی ڕەسمی مافی کارکردنیان هەبوو و، بەردەوامیش کارەکانیان ڕادەگیرا یان هەر دائەخران، لەگەڵ ئەوەیشدا، هەموو ئەو ئیجرائاتانە نەیانتوانی ئەو بزاوتەی، کە لە بواری ئازادی ڕادەربڕین و بڵاو کردنەوەی بۆچوونی ئازاد هەبوو ڕاگرن و، ڕێگایش هەموار بوو بۆ گۆڕانکاری کە ڕێنیسانس و چاکسازی مەزهەبی لێ کەوتەوە.

خەبات لە پێناو ئازادی ڕۆژنامەگەری لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و بەریتانیا و فەرەنسای سەردەمی شۆڕش، لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەهەم سەرکەوت. داوا بنچینەییەکەی خەباتگێران ئەوە بوو کە ڕێگا بدرێ بە بڵاوکردنەوەی هزر و بۆچوون و، کار کردن بەجارنامەی مافی مرۆڤ لە فەرانسە کە لە ساڵی ١٧٨٩ ڕاگەیەنرا. ئەمەیش بە واتای ئازادی بیروڕاو سەربەستی کەسانێک بوو کە بیروڕاکانیان بڵاو دەکردەوە. لە سەدەی نۆزدەهەمَ و سەرەتاکانی سەدەی بیستەم، هێشتا ئازادی ڕۆژنامەگەری لەو وڵاتانەی خاوەنی حکومەتێکی دیکتاتۆر و خۆسەپاو بوون بوونی نەبوو، لە وڵاتەداگیر کارەکان- سەرەتا ڕۆژنامەکان هەر بۆ ئەوروپاییەکان بوو و هەر خۆبشیان ناوەڕۆکەکانیان ڕێک دەخست. وردە وردە ڕۆژنامە بۆ ئاسیایی و ئەفریقیەکانیش کەوتە بەر دەست و هەوڵ و خەباتیان دەست پێ کرد بۆ بە دەست هێنانی مافە دیموکراتی و ئازادییە

Preview sample - page 4 of 5 - Soran University Academic Digital Library

نەتەوەییەکانیان. لە ڕۆژانی شۆڕشدا، ڕێگا لە دەرچوونی ئەو ڕۆژنامانە دەگیرا بەم بارودۆخەیشەوە، ڕۆژنامە نەتەوەیی و شۆڕشگێرییەکان کاریگەری خۆیان هەبوو.

لە کاتێک ڕۆژنامە فرە تیراژەکان بەرەو لووتکەی پێشکەوتن هەڵدەکشان، دۆزینەوەی وزەی کارەبا بووە هۆی داهێنانی ئامێری تری پەیوەندی و ڕاگەیاندن وەک- بروسکە- تەلەفۆن- رادیو-سینەما....

تەکنەلوژیا نوێکان سوودیان لە ئەزموونی ڕۆژنامە پڕ تیراژەکان وەرگرت و توانییان ڕاستەوخۆ بچنە نێو دەروونی جەستەی پەیوەندییە گشتییەکانەوە. داهێنانی رادیۆ لە یەکەمین دەیەی سەدەی بیستەم شۆڕشێکی گەورە بوو. بە پێچەوانەی ڕۆژنامە، رادیۆ پێویستی بە خەڵکی خوێندەوار نەبوو، هەر وەک پێویستیشی بە گواستنەوەی زەمینی نەبوو تا بگاتە دەستی بیسەرانی.

لە دەیەی ١٩٣٠ لقێکی نوێی ڕۆژنامەوانی- واتە بڵاوکردنەوەی دەنگوباس - بەدەرکەوت. وەچەیەک دواتر و لە کۆتایی ١٩٤٠ و سەرەتای ١٩٥٠ تەلەفزیۆن وەک بەشێکی گرنگ کەوتە نێو ژیانی ڕۆژانەی خەڵک. ئەم ئامێرەش، بە خێرایی هەوڵی ڕاکێش کردنی بینەری دا.

چونکە بە شێوازێکی هەرزان و ئاسان بینەری خۆی سەرگەر دەکردو و وێنەی ڕوون و جوانی ڕووداوەکانی دەگواستەوە نێ- ماڵەکان.

Preview sample - page 5 of 5 - Soran University Academic Digital Library